ڕاپۆرتە هەواڵ

ڕێککەوتنی کورد و شیعە لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقی فیدراڵدا

بەپێی ئەو دەقڤەی کە لە سایتی (ایلاف) باڵاو کراوەتەوە کورد و شیعە لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی و جیا لە داپەشکردنی وەزارەتەکان کە (١٧)یان بەر ئینتیلافی بەگێڕتووی شیعە کەوتوون، هێلە سەرەکییەکانی ئەو ئینتیلافە لە بابەت چارەسەری مەسەلەی کەرکوک، پێشمەرگە و ...ەتد بەوردی خراونەتەروو.

ڕێککەوتنەکە لە چوار بەشی سەرەکی و ١٩ بڕگەو چەند لقێک پێک هاتووە کە تێیدا:

هەروەها تێیدا تەئکید لەسەر بەشداریی تێکڕای گرووپەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کراوەتەوە.

ڕێککەوتنەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ هەموو بەشەکانی عێراق بە شێوەی یەکسان خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێت و هەڵمەتی ئاوەدانی بیانگرێتەوە.

گرنگترین بەند کە بەندی شەشەمە، ڕایدەگەیەنێت کەحکومەتی ئینتیقالی بەچاوپۆشیی لەو هاوپەیمانتییانەی کە تێیدایە، پێویستە حکومەتێکی کۆک و یەکگرتوو بێت لەکار و سیاسەتەکانیدا و، ئەگەر ناتۆکیەک لە نێوان هاوپەیمانیتی کوردستان و ئینتیلافی یەکگرتووی شیعەدا ڕووی دا و نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، ئەوانەو هاوپەیمانتییەهەڵناوەشێنەوو بمانا بۆ داواکاریی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت نابرێت تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە:

أ - بەکێک لەلایەنەکان بەبێ بوونی پێویستیەکی ڕەها کە بارودۆخ سەباندبێتی، سەرپێچیی یەک یاخود زیاد لە یەرئیسێکی لەو ڕێککەوتنامەیەی کرد.

ب - لەکارخستنی ئەندامێکی حکومەت کە لە پێوستێکی سیادیدا بێت یاخود لەئەنجومەنی وەزیرانا بێت و هیچ بیانووێکی یاسایی بۆ لەکارخستنی لەئارادا نەبێت.

ت - وەرگرتنی هەر بڕیارێک یاخود گرتەبەری هەر ڕیوشوێنێک لەو ڕێککەوتنامەوە کە بیتە هۆی هەڵوەشاندەوە و لەناوبردنی پەکێک لەو خاڵانەی کە هەروەوڵا لەسەری ڕێککەوتوون.

لەکاتی هەڵوەشاندەوەی حکومەتشدا، دەبێت پێش ئەوە هەروەوڵا پێویستە هەندێ ڕیوشوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگرێنە بەر کە لە دەقی ڕێککەوتنەنامەکەدا دەستپێشان کراون، لەوانەش : کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەردوو فراکسیۆن لەناو ئەنجومەنی وەزیرانا و کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەروەوڵا لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی نیشتمانیدا و ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرۆکەکانی لاق حزب و ڕێکخراوانەی کە لەناو هەردوو فراکسیۆندان و لەحاڵەتێکدا کەهەر نەگەیشتە ڕێککەوتن و یەکێک لەلایەنەکان لەحکومەت کشابوو، ئەوا حکومەت هەڵدەوەشێتەوە و بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەست بە گفتوگۆ دەکرێتەوە و ئەو ماوەیەش کە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ پێویستە نابێت لە ماڵێکیت تێپەڕێت.

هەروەوڵا لە ڕێککەوتنەکەدا بەڵێنیان داوە کە هێزەکانی عێراق بۆ بەدەستهێنەرگرتنی ئاسایشی عێراق ئامادە بکەن و بەمەش ڕێگە بۆ کشانەوەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق خۆش بکەن.

لە ڕێککەوتنەکەدا ئامژە بە پێکهێنانی دادگایەکی خاوەن دەسەڵات و هێنانەئارای دەوڵەتی یاسا کراوە و هەر لەو چوارچێوەیەدا باس لە پێکهێنانی دادگای فیدراڵی کراوەکە لە ٩ ئەندام پێک دێت.

لە مەسەلەی دارشتنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا و لە بەشی سێیەمی ئەو ڕێککەوتنەدا باس لە مافی هەر زمانەکان کراوە و تەئکید لەسەر ئەوەکراوەتەوەکەدەستووری هەمیشەیی پێویستە پێگە و ڕۆڵی هەرزمانەکان بەهێز بکات و هاوکات سەربەخۆیی پارێزگاکان لەبەرچاوبگرێت و بەشێوەیەک ئەوەندە ئاپاریزێت و ڕیز لە تەنجەلەی ئەو هەڵبژاردنانە بگرێت کەلەسەر ئاستی پارێزگاکان بەدەست دێن.

سەبارەت بە هەرزمی کوردستانیش هاتووە کە دەبێت هەماهەنگیی لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرزمی کوردستاندا هەبێت و بوونەجی پێویستی بۆ دابین بکات و دەست لەکاروبارەکانی وەزەندات و ڕیزی سەربەخۆیی بگرێت و هەموو ئەمانەش بەپێی ئەو بەندو بڕگانەدەبێ کەلە یاسای کاتیی ئیداریی دەوڵەتدا هاتووە.

بەشی چوارەمی ئەو ڕێککەوتنە بۆ مەسەلەی کەرکوک تەرخان کراوە و تێیدا باس لەوە کراوە کە دەبێت هەماهەنگیی لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرزمی کوردستاندا هەبێت و بوونەجی پێویستی بۆ دابین بکات و دەست لەکاروبارەکانی وەزەندات و ڕیزی سەربەخۆیی بگرێت و هەموو ئەمانەش بەپێی ئەو بەندو بڕگانەدەبێ کەلە یاسای کاتیی ئیداریی دەوڵەتدا هاتووە.

ئەو بەشەی کە لەسەر ڕەشنووسی کاتیی ئیداریی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێن و لەسەر ئەو بڕەی واقیعی دیموگرافیی بە پەلە بسەردرێنەوە و بارودۆخی کەرکوک بۆ دۆخێ ئاسایی جارانی بگەڕێنەوە و ئەم هەنگاوانەش بەپێی خاڵەکانی ١و٢و٣و٤ی بڕگەی ئەلف لە مادەی ٥٨ی یاسای کاتیی ئیداریی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێن و لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە بودجەی خێرا بۆ ئەو لێژنانە تەرخان بکات کە ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەی مولکییەت و گێرانەوەی ئاوارەکان و ئاسایسکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکیان لە ئەستۆیە .هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە کە حکومەتی عێراق لەماوەی کەمتر لە مانگێک بەسەر پێکهێنانیدا، دەبێت ئەو لێژنانە کاربکات و دەست بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پێویست بە ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکوک بکات.

سەرچاوە: پەیامێر

پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەنجام درا، لەگەڵ ئەوەش کە ئەزموونێکی ئاسان نەبوو و بەتایبەتی هێرشی تەرۆریستانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەردەوام بوو و ئینتیاش ڕۆژانە ئاوانی گەورە ئەنجام دەدرێن دەرهەق بە پێتاوانل، بەهەرشێوەیەک بێت ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەگشتی لەبەرژەوەندی میللەتی کوردستان بوو ، بە شێوەیەکی تریش، لەبەرژەوەندی ئەوانەبوو کە بەدرێژایی ساڵانێک بیوونە قوربانی دەسەڵاتە خوێنناوەکەی حکومەتی بەعس لە بەغدا.

کوردەکان بڕیاری ئەوەیان داوە، بەشدار بکردیان بەهێزو و جیدی بێت لە دروستکردنەوەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵ، نرخی ئەو پێداگرتنەی سەرکردایەتی کورد قوورس و گرانە، بەتایبەتی لەگەڵ شەڤامی کوردی ناوەوەو دەرەوەی وڵات، هێزو لایانە سیاسیەکانی کوردستان، لە دیالۆگ و ڕێککەوتنی بەردەوامن ،هەتاوەکوو ئینتاش بۆ زیاتر یەکگرتن و یەکبڕیی خۆیان لە بەغدادا، هێندەی یەکگرتووبن، هێندە بڕیاری سیاسیان بەهێز دەبێت، کوردەکان بە درووستکردنی گرووپی هەماهەنگی - زووری ئۆپزاسیۆن - خۆیان لە بەغدادا قووربایی و کاربگەریان گەورەتر و باشتر دەبێت.

ئەگەر سەرکردایەتی کورد بڕیاری دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی نویداوە ، ئەوە پێداگرتنێکی زۆریشیان هەبووە بۆ ئەوەی بە هەقیقەت دەور بکێڕن جلاک و ڕاستەوخۆیان هەبێت لە بەرئیوەبردن لە عێراقدا و دەسەڵاتیان هەبێت و بە شێوەیەکی ئاسایی و هاوشێن لەگەڵ ڕۆلی عەربەکانی عێراقدا و گونجاو و لێوەشاوەیێت لەگەڵ ڕێژەی کوردەکانی کوردستانی باشوور لە پێکهاتەی سیاسی و جوگرافی عێراقدا، وەبەمەبەستیش لەو بەشدار یکردنە ئەوەیە کە بتوانن خزمەتی بەرژەوەندیەکانی میللەتی کوردستانی پێوە بکەن، بەرژەوەندیە جۆربەجۆرەکانیان، ئابووری، ڕامیاری، فەرهەنگی ... ئەو مافانەی کە لەمەوباش ئەوەکوو تەنها بۆ میللەتی کوردستان دەبێت دابینکرێن و بەڵکوو بە سەرجەم میللەتان و نەتەوەکانی تری عێراقدا دەبێت فراهەم بکرێن.

لە ئاستی کوردستانیش، دەکری لێرەدا باس لە مەسەلەی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی کوردیش بکری، بەتایبەتی بۆ ئەوەی سەنگ و قەوارەو یەکبڕیی کوردەکان بەهێزبکری لە بەغدادا، چەند هەنگاوێکی باش نرا بۆ درووستکردنی بەرەی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ئەوەش کاریگەری باشی هەبە لە درووستکردنی هێزێکی سیاسی گەورەلەسەر مێزی گفتوگۆکانمان لەگەڵ لایانە سیاسیەکانی عەرەبیدا.

ئەمڕۆکە لە ئاستی عێراقدا، بەڕێز جەلال تاڵەبانی بەتەنها نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ناکات، بەڵکوو نوێنەرایەتی سەرجەم میللەتی کورددەکات، چونکە پاڵپشتێکی گرینگی سیادی لە سەرکردایەتی بوو بۆ پۆستێکی گرینگی سیادی لە عێراقدا، دەشێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کەوەکوو سەرۆکی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیش، بەرپرسیارەتیەکی گەورەشی هەیە بەرامبەر میللەتانی تری عێراق، وەکوو عەرەب و تورکومان و کلدان و ئاشوور یەکانی ولاتدا..

لە ئاستی کوردستانیش، بە پێشنیارکردنی سەرۆک مەسعوود بارزانی وەکوو سەرۆکی هەرزمی کوردستان، بیشک لێرەدا، کاتێک دەڵێین کوردستان، مەبەستمان لەو شارو ناوچانەشە کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، نازاد کراون و هەندێکیشیان دەبێت بە شێوەیەکی فەرمی بگەڕێنەوە سەر نەخشەی کوردستان، بە دەستپێشانکردنیان وەکوو سەرۆکی هەرزم، سەرۆک بارزانی، لە بەرپرسیارەتیەکی نەتەوەیی و مێژوویی گەورەدایە، ئەرکی سەرشان و شیوازی سەرکردایەتی سیاسی فراوان و فووراوتر دەبێت.

ڕۆڵی کوردەکان ئەمڕۆکە، ڕۆڵێکی گەورەو چارەنووسسازە لە ناوچەکەدا، لەئاستی عێراقدا، هیچ هێزو لایانێکی عێراقی ئەزموون و دەسەڵاتی کوردەکانیان نیە، لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا، کوردەکان، خاوەن ئەزموونێکی گەورەو پەیوەندیە جۆربەجۆرە پێویستەکانن بۆ سیاسەتکردن.

لێرەدا، ئەگەر سەیری یەکێک لەدەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان بکەین، ئەوەبۆمان ڕوونە کە هەردوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی هەرە زۆر و دەنگی خەڵکی بەسەریاندا دابەش بووە، ئەو دوو هێزە دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری و ئابووری کوردستانیان لەدەستە، لەسەر ئەو بنچینەیەش، پارتی و یەکێتیی، بیانەوێ نەو نەیانەوێت، دەستیان دەبێت لە درووستکردنەوەی ولاتێکی نوی ، هەتا ئەگەر ئەو ولاتەش بەو شێوازەنەبێت کە کوردەکان مەبەستیانە، واتە، فیدراڵی و دیموکرات بێت، هەر جۆرە سیستەمێک بێت، ئەوە کوردەکان کاریگەری خۆیان دەبێت بەسەر نەخشەو پلان و شیوازی بەرئیوەبەرایەتی و بۆن و ڕەنگ و فەرهەنگی دەسەڵات لە عێراقدا.

یەکێک لەو بوارە سەرەکی و گرینگانەی ئەو دەوڵەتە نوێیەی پێیدەڵێن عێراقی نوی ، بواری سیاسەتی دەرەوەیە - سیاسەتی نێودەوڵەتیە - ، دیارە لێرەدا تەنها مەبەست و ئەنجام لەوەدا نابێنری، کە وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدراڵ کەسێک بێت کە بەڕەگەز کورد بێت، بەڵکوو پاش دەسەتەکاربوونی لەپەرلەمان و حکومەتێکی نوی لە بەغدا، هەموو لایانەکان، بەتایبەتی کوردەکان، دەستوور یکی جێگیر و کامڵ ئامادە بکەن ، خەڵکانێکی پسپۆڕ بەم کارە هەستن و ڕەچاوی تایبەتمەندیە جۆربەجۆرەکانی میللەتانی عێراقی بکری و بەتایبەتی ڕەچاوی ئەزموون و پەیوەندیە درووستکراوەکانی حکومەتی کوردستان بکەن و هەر پاش سەرهەڵدانەنەی ساڵی ١٩٩١، دامەزرانی حکومەت و سیستەمی دەسەڵات لە کوردستاندا، وە کردنەوەی چەندین نوێنەرایەتی و پەیوەندیەکانی کوردستانی لەدەرەوەی کوردستاندا، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکادا.

دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، لەتەک ئەوەی کاروباری هاوڵاتیانی هەرئیمێکیان لەئەستۆ بوو، لەهەمان کاتدا، هەتا ئاستێکی پێشکەوتوو سیاسەتێکی دەرەکی کوردستانیان داهێنا، پەیوەندیەکانیان گەشەپێدا و سوودیان لەهەموو جۆرە شیوازێک وەرگرت بۆ درووستکردنی پەیوەندی هەمەڵایانە و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دونیادا وەبە شێوەیەکی گشتی، بە سی شیواز پەیوەندیان بەجیهانی دەرەوە کردووە:



پێگەی کورد لە دارشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی عێراقدا؛

دەروازەیەکی نوێ بۆ فەرهەنگی دەسەڵات

خەسرەو پیربال - فەنلاند
Pirbal@hotmail.com



نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان -

نوێنەرایەتی بارت و ڕێکخراوەکوردستانیەکان -

بەڕێگای تایبەت و شەخسی، وەکوو شیوازێکی باویش، هەموو میللەتەکانی تریش هەمان -- ڕێچەکەیان گرتۆتە بەر لەگەڵ سەیری ئەزموون و مێژووی پەیوەندیەکان بکەین.

ئەم شیوازە ئافەرمییەی نوێنەرایەتیەکانی کوردلە دەرەوەبەردەوام بوون، تاوەکوو خوشبەختانە لەبەغدا، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی هات، کە بەفەرمی ستایش و باوەڕپێکردنێکی ئاشکراسەلمێرا، بەوەی کە حکومەتی کوردستان، بوونێکی هەقیقی و فەرمی هەیە، سەرچەم نوێنەرایەتەکانی دەروەش، نوێنەرایەتی فەرمین و گوزارشت لە دەسەڵاتێکی تایبەتی ئەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان دەکەن .

ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەرتاسەریمان هەبێت بۆ کاریگەری و شێوەو قەبارەی سەرچەم ئەو پەیوەندیانەی کە کوردەکان دروستیان کردووە، بەدرێژایی مێژوو و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانیدا، بەشێوەیەکی چڕ، ئەگەر لێکۆڵینەوەیک ئەنجام بدرێ تایمەت دەربارەی نە ١٤ ساڵەی کە کوردەکان حکومڕانی خۆیان کردووە، هەتا ئاستێکی باش لەچاو هەموو ئەو کە حکومەتی کوردستان، بوونێکی هەقیقی و فەرمی هەیە، سەرچەم نوێنەرایەتەکانی دەروەش، نوێنەرایەتی فەرمین و گوزارشت لە دەسەڵاتێکی تایبەتی ئەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان دەکەن .

لەم شیوازە ئافەرمییەی نوێنەرایەتەکانی کوردلە دەرەوەبەردەوام بوون، تاوەکوو خوشبەختانە لەبەغدا، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی هات، کە بەفەرمی ستایش و باوەڕپێکردنێکی ئاشکراسەلمێرا، بەوەی کە حکومەتی کوردستان، بوونێکی هەقیقی و فەرمی هەیە، سەرچەم نوێنەرایەتەکانی دەروەش، نوێنەرایەتی فەرمین و گوزارشت لە دەسەڵاتێکی تایبەتی ئەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان دەکەن .

ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەرتاسەریمان هەبێت بۆ کاریگەری و شێوەو قەبارەی سەرچەم ئەو پەیوەندیانەی کە کوردەکان دروستیان کردووە، بەدرێژایی مێژوو و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانیدا، بەشێوەیەکی چڕ، ئەگەر لێکۆڵینەوەیک ئەنجام بدرێ تایمەت دەربارەی نە ١٤ ساڵەی کە کوردەکان حکومڕانی خۆیان کردووە، هەتا ئاستێکی باش لەچاو هەموو ئەو کە حکومەتی کوردستان، بوونێکی هەقیقی و فەرمی هەیە، سەرچەم نوێنەرایەتەکانی دەروەش، نوێنەرایەتی فەرمین و گوزارشت لە دەسەڵاتێکی تایبەتی ئەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان دەکەن .

ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەرتاسەریمان هەبێت بۆ کاریگەری و شێوەو قەبارەی سەرچەم ئەو پەیوەندیانەی کە کوردەکان دروستیان کردووە، بەدرێژایی مێژوو و بزاڤی ڕزگار